# بڵاڤۆکی ۲۰۲۰/۵/۸ کاتژمێر ۱۴:۰۰

ئاڵوگۆڕ لە بڕیار و ڕێکارەکانی شاری کێمی، لە پەیوەندی دەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئێپیدێمی کۆڕۆناوە:

۱. سەردان و هاتوچۆکردن بۆ یەکە و شوێنەکانی خزمەتگوزاری شاری کێمی و هەروەتر نەخۆشخانەی کێمی (خەستەخانەی ساوڤۆساری) بە تەواوی قەدەغە کراون. لەو پەیوەندیەدا سەردانی نەخۆشخانەکان و بەشەکانی چاوەدێری و پارێزگاری کردن لە نەخۆشان، بۆ چاوپێکەوتنی نەخۆشەکان بە تەواوی قەدەغەن، هەرچەن کە لە هەندێ بواراندا ئیزنی چاوپێکەوتن دەدرێ، بۆ نموونە لە بەشی زاوزێدا، کە دەبێ لە پێشدا کەسەکە تێست بکرێ، و هیچ نیشانەیەکی ڤیروسی دە لەشدا نەبێ. لە دۆخەکانی تایبەتیدا، دەبێ پەیوەندی بکرێ بە پەرەستارانی بەرپرسەوە.

بە پێی بەرنامەی ڕۆژانی ئێپیدێمی، یەکەی ژمارە ۲ی نەخۆشخانەی ساوڤۆساری، وەکوو بەشیی پاندێمی نەخۆشخانەی ناوچەی باکووری ڕۆژاوا چالاک دەبێ.
بە لەبەرچاوگرتنی بنەماکانی پاراستن و هەروەتر لەبەرچاوگرتنی مەوداگرتنی کۆمەڵایەتی لە زێواری ئازاد دا، چاوپێکەوتن دەگەڵ دانیشتووانی شوێنە خزمەتگوزاریەکان (بۆ نموونە سەردانی دانیشتوانی خانەی بەساڵاچواندا) ئازادە. چاوپێکەوتنەکان دەبێ بە پێی بڕیارەکانی پێشتر دیاریکراو بن. هەر جارەی نابێ لە دوو کەس زیاتر بێن بۆ چاوپێکەوتنەکان.

۲. کتێبخانەکان تەنیا بۆ بە ئەمانەت وەرگرتنی کتێب کار دەکەن، و هەروەتر کتێبخانان تا ڕێکەوتی 18 مانگی مەی دەکرێنەوە. بە پێی گەڵاڵەی دارێژراو، کاتی بە ئامانەت وەرگرتنی کتێب، نابێ لە دە کەس زیاتر لە کتێبخانەدا بوونیان هەبێ. دەگەڵکوو زانیاری زیاترمان لەو بارەوە پێگەیشت، ئێمەش زانیاریەکان بڵاو دەکەینەوە.

۳. ناوەندی چالاکیەکانی خوارەوە، بە لەچاوگرتنی مەوداگرتنی کۆمەڵایەتیەوە، لە ڕێکەوتی ۲۰۲۰/۵/۱۴ دا دەکرێنەوە (تا ڕێکەوتی ۲۰۲۰/۶/۱ بە لانی زۆرەوە ۱۰ کەس دەتوانن لە کۆبوونەوەکاندا بەشداری بکەن و دوای ئەو ڕێکەوتە ڕادەکەی دەبێتە ۵۰ کەس):
- کەڵک وەرگرتن لە زەویەکانی وەرزشی (ریازە) قووتابخانەکان بۆ چالاکیەکانی ڕۆژانە لە زێواری ئاوەلەدا.

ناوەندەکانی چالاکیی خوارەوە، لە ڕێکەوتی ۲۰۲۰/۶/۱ ڕا دەکرێنەوە:
- ناوەندی فەرهەنگی/کتێبخانە، بە لە بەرچاوگرتنی یاسای مەوداگرتنی کۆمەڵایەتی، و بەلانی زۆرەوە کۆبوونەوەی هەتا ۵۰ کەس، و تەنیا بۆ بە ئەمانەت وەرگرتنی کتێب دەکرێنەوە،
- بەشێک لە کتێبخانە مناڵان و ناوەندی فەرهەنگی مێرمندالان لە وەرزی هاوینێدا لە شوێنە کراوە و سەرئاوەڵەکاندا بەڕێوە دەچێ.

لە ڕێکەوتی ۲۰۲۰/۶/۱ ڕا ناوەندەکانی کۆبوونەوە و چالاکیەکانی خوارەوە دەکرێنەوە، بەڵام دەبێ وەکوو پێشوو یاساکانی ڕۆژانی قەرەنتینە لەبەرچاو بگرن:
- ناوەندی چالاکیەکانی کێمی کاماری
- ناوەندەکانی کار و بەتوانا کردن

ناوەندی چالاکیەکانی لێپپەتێهداس دوای ڕێکەوتی ۲۰۲۰/۷/۱ دەکرێتەوە (ئەو شوێنە جارێ لە ژێر چاوەدێری قەرەنتینەیی دا ماوەتەوە).

ناوەندەکانی چالاکی خوارەوە تا ڕێکەوتی ۲۰۲۰/۷/۳۱ داخراو دەمێننەوە:
- حەوزی مەلەی شاری کێمی (ئێستا کاری چاکسازی تێدا دەکرێت)
- کەڵک وەرگرتن لە ساڵۆنی قوتابخانەکان بۆ کاروباری خۆخافڵاندن و ڕابواردن.

کارباری ناوەندەکانی ژێرەوە بۆ ماوەیەکی نادیار سنووردار کراون:
- خەستەخانەی ڕۆژانە و چالاکیەکانی ڕۆژانەیان،
- سێرویسەکانی ساونا تەنیا بۆ یەک دەستە یان گرووپن،
- خزمەتگوزاریەکانی ناوەندی پاراستنی کاتیی ئاپیلا بە تەواوی دادەخرێن،
- چالاکیەکانی بەرگری لە بنەماڵەکان سنووردار دەکرێن،
- کاتەکانی کاری ناوەندە خزمەتگوزاریەکانی کۆمەڵایەتی سنووردار دەکرێن، بۆ نموونە کاتەکانی فرمانگەی سۆشیال،
- شارەوانیی کێمی، هەروەتر داوا لە هەمووان دەکا، لە چوون بۆ پرۆژەکانی کاریی و سەردانی شوێنە ئایینیەکان خۆ ببوێرن.

۴. ماڵەکانی ڕۆژانە منالان (باخچەی منالان) و پۆلەکانی ئامادەیی و سەرەتایی منالان لە ڕێکەوتی ۲۰۲۰/۵/۱۴ بە تەواوی دەکرێنەوە، ئەو بڕیارە بۆ تەواوی ماڵەکانی ڕۆژانە، بەشەکانی چاوەدێری ڕۆژانە، و هەروەتر بەشەکانی ئامادەیی‌یە.

۵. قوتابخانەی دواناوەندی (دەبیرستان) و قوتابخانەکانی سەرەتایی:

- قوتابخانەی دواناوەندیی لوسێۆ تا کاتێکی نادیار بە شێوەی فێرکردن لە ڕێگەی دوورەوە، ئەرکەکانی فێرکاریی بەڕێوە دەبا.
- قوتابخانەکانی سەرەتایی لە ڕێکەوتی ۲۰۲۰/۵/۱۴ ڕا دەکرێنەوە، و منالانی سەرەتایی لە ناو پۆلەکانی قوتابخانەدا وانەکانیان دەخوێنن.

۶. تا ڕێکەوتی ۲۰۲۰/۵/۳۱ تەواوی کۆبوونەوەکان سنووردارن و هیچیان نابێ لە ۱۰ کەس تێپەڕن، و داوا لە شارومەندان دەکەین کە لە چوونی بێ هۆ بۆ شوێنە گشتیەکان خۆ ببوێرن. (یاسای گەڵالەکراوی ناوچەی کێمی، پەسندکراوی ۷۰۱/۲۰۲۰).

۷. داوا لە کەسانی سەرووی ۷۰ ساڵ دەکەین لە تێکەڵاو بوون بە کەسانی دەرەوی ماڵ خۆ ببوێرن، بە پێی ئاییننامەی دەوڵەت، ئەو چینە هەروا لە مەترسی ریسکی گیرۆدەبوون دان.

۸. شارەوانی توانایی خزمەتگوزاری و پاراستنەکانی تەندرووستی و کۆمەڵایەتی بە باشترین شێوە بردۆتە سەرەوە، و ڕادەی کاروبارە نازەروورییەکانی هێناوەتە خوارەوە. هاوکات بە لەچاوگرتنی بنەماکانی شلک و شیاوی یاساکان، بۆ لەبەرچاوگرتنی مۆڵەتە یاساییەکان هیچ بەرپرسایەتیەک نیە.

- شارەوانیی هەروەتر بۆ ئەو کەسانەی لە مەترسی ڕیسک دان، و بۆ ئەوانەی کە لە ماڵەکانی ژێر چاوەدێری و پاراستن دان، سنووری تایبەتیی بۆ داناون. بۆ نموونە ئەوانە ناتوانن لە دەرەوە خەریکی چالاکیی خۆخافڵاندن بن، و لە کۆبوونەوەکانی کۆمەڵایەتیی و ڕاوێژەکاریی ڕۆژانەدا بەشداریی بکەن.

- یارمەتیەکانی پێویست و زەرووری بە تایبەت سەبارەت بە کار و خوێندن بەردەوام دەبن. بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەوە دەتوانن پەیوەندی بکەن بە ژمارە تەلەفۆنی ۰۱۶-۲۵۹۵۵۲ لە شاری کێمی.

۹. خزمەتگوزاری هاتوچۆ و ئازوگۆزی گشتیی بە پێی بەرنامەی ڕۆژانە کارەکانیان درێژە پێدەدەن، بەڵام ئەو بەرنامەیە بۆ ئێواران و ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە نیە.

- ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە، سێرویسەکانی ئوتوبووسی ناو شار کار ناکەن، و سێرویسی ئەو پاسانە لە ڕۆژانی دووشەممە هەتا هەینی (جوومعە) تا کاتژمێر ۱۸ ی ئێوارێ چالاکی هاتوچۆیان دەبێ.

۱۰. بە هۆی هەوڵدانی پێشگرتنانە، دەرکەی شارەوانی کێمی بەسەر مشتەریەکاندا دادەخرێ. ئەو کەسانەی کاریان بە شارەوانیی هەبێ، لە کاتی پێویستدا دەتوانن پەیوەندی بە ژمارە تەلەفۆنی ۰۴۰۶۸۰۳۱۲۰ بکەن و گرفتەکانی خۆی بە بەرپرسی بەشی مشتەریەکان ڕابگەیەنن.

۱۱. شەریکەکانی ئاو و کارەبای ناوچەی کێمی بە وردیی ئاگایان لە بوارەکانی کارەبا، ئاو و گەرمای ماڵەکانی ناوچە دەبێت.

بەڕێوەبەری گشتیی: یوککا ویلێن
شارەوانیی کێمی

**Kemin kaupunki**
**Valtakatu 26**
**94100 Kemi**